# چۆن دەتوانین کۆمەڵـــ

# پیاو و ئافرەت



■ پیاو چی لە ئافرەت دەوێت و بۆچی توندوتیژە لەگەڵی؟ ئایا شکۆ و پیاوەتی پیاوان لای ئافرەتانە بۆیە پیاوان هێندە دەترسن ئافرەتان پارێزگاری پێوە نەکەن؟ بۆ دەبێت شەرەفی پیاوان خێزان و خوشکەکانیان بێت؟ ئەگەر وایە ئایا شەرەف و کەرامەتی ئافرەتان چیەو کێ بەرپرسە بیانپارێزێت؟ وردبوونەوە لەم پرسیارانە بەرەو ئەو ئاراستەیەمان دەبات، کاتێك بیرکردنەوەی کۆمەڵگە بەو جۆرە بێت، واتە ئافرەت وەك تاك هیچ لەبەرچاوگرتنێکی بۆ نەکراوەو وەك تاکیش لە کۆمەڵگەدا سەیر ناکرێت. بەڵکو وەك ئالەتێك لەناو خیزان و کۆمەڵگە وایەو بۆ پاراستنی شەرەف و کەرامەتی پیاو و خیزان بەکاردەهێنرێت، لەم کۆمەڵگایەنەدا داواکردنی یەکسانی لەنێوان رەگەزی نێرو مێ لە قسەی بێ کردارو مەرەکەبی سەر کاغەز تێناپەڕێت و ئەم مەسەلەیەش بەدەرکردنی یاسایەك و هەموارکردنی یاسایەکی دیکە ریشەکێش ناکرێت، هەروەها بە لاسایکردنەوەی ئەو کۆمەڵگە رۆژئاواییانەی ئیستا گەیشتوونە قۆناغێك کەزۆر لەپیش ئێمەوەن چارەسەرناکرێت، چارەسەرکردنی کێشەی ئافرەت یان رێگرتن لە پیادەکردنی توندووتیژی دژی ئافرەتان پێویستی بە هەنگاوگەلێکی تێکڕای تاکەکانی کۆمەڵ هەیە بە ئافرەتانیشەوە، هەروەها پێویستی بە گرتنەبەری هاریکاری هەمەلایەنەی

# ـــگە لە نایەکسانی نێوان
# رزگار بکەین؟



هەردوو رەگەز هەیە بەوەی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای سەربەستی و رێزگرتنی مافی تاکەکان ریکبخرێتەوەو ئافرەت وەك تاکێکی سەربەخۆ سەیر بکرێت و مافەکانی دیاری بکرێت، نەك ئالەتێك لە نێو چوار دیواردا بەند بکرێت و وەك کۆمپانیایەك بۆ بەرهەمهێنانی منداڵ و پاراستنی شەرەفی پیاو سەیربکرێت، هەروەها هەوڵدان بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ئافرەتان و دابینکردنی سەرچاوەیەکی ئابووری بۆ ئافرەتان ئەمەش بە هاتنە دەرەوەیان لە ماڵ و بەشداریکردنیان لە پرۆسەی سیاسی و حکومڕانی و تەواوی کارو چالاکییەکانی کۆمەڵگە دەبێ،

بۆ زیاتر بەدواداچوونی ئەم بابەتە گرنگە، گوڵان ئەم پرسەی لەگەڵ ئەم بەڕێزانە کردەوە:

١- پرۆفیسۆر نیال کریستی ئوستادی مێژووی ئیسلامی لە زانکۆی کۆڵۆمبیا.

٢- د. بێتا کۆاڵسکا دامەزرێنەری سەنتەری کوردی بۆ دیکۆمێنت لە زانکۆی جاجیۆلیان لە پۆڵەندا.

٣- د. سوهەیلا وەحدەتی چالاکگەر لە بواری مافەکانی ئافرەت.

ئەم سێ ئەکادیمستە بیرو بۆچوونەکانیان لە هەموو خاڵەکاندا یەکناگرێتەوە، هەربۆیە ئەگەر بۆچونەکانیان لەگەڵ رەوتی گوڵان جیاوازی هەبوو دەربڕی بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانەو گوڵان لیان بەرپرس نیە.■



## پرۆفیسۆر نیال کریستی لە زانکۆی کۆلۆمبیا بۆ گوڵان:

# گرنگە دەسەڵاتی سیاسی هەوڵی پەرەپێدانی کارکردنی ئافرەتان بدات

■ پرۆفیسۆر نیال کریستی ئوستادی مێژووی ئیسلامییە لەزانکۆی کۆلومبیا و تایبەتمەندە لە شەریعەی ئیسلام و یاساکانی ئیسلامدا و زمانی عەرەبی بەشێوەی گرامەری عەرەبی دەزانێت، بەڵام کە قسەی لەگەڵ دەکەیت لە وەڵامدانەوە رادەوەستێت، هەر بۆیە بە باشمان زانی کە بە ئینگلیزی هەڤپەیڤین لەگەڵ بکەین.

پرۆفیسۆر نیال وەك ئایین کرستییانە، بەڵام وەك لایەنی ئەکادیمی بواری پسپۆرییەکەی مێژووی ئیسلام و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی جیهانی ئیسلامییە.

بۆ قسەکردن لەسەر هەندێك مەسەلەی تایبەت بە پیادەکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان و کوشتنی ئافرەت لەسەر شەرەف و هەڵسەنگاندنی ئەم دوو مەسەلەیە لە روانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر نیال کریستی کرد و بەرێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: ■

***رەخساندنی ئازادی بۆ پیاوان و ئافرەتان دەبێتە هۆی پێشخستنی کۆمەڵگە،ئافرەتان لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەشدارن ورۆڵیان هەیە بەڵام بە شێوەیەکی سنووردار، هۆکاری ئەمە بۆ ئاستی هۆشیاری ئافرەتان دەگەڕێنیتەوە یاخود دەسەڵاتی سیاسی هەرێمەکە؟**

- ئەو راستییەی کە ئافرەتان لە دەرەوە کارناکەن هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کەلتوری کۆمەڵگەکە، مەبەستم ئەوەیە کە بە درێژایی چەندین سەدە ئافرەتان لە ماڵەکاندا ماونەتەوە لە بری ئەوەی بچنە دەرەوە بۆ کارکردن، ئەم بارودۆخە لە رۆژگاری هاوچەرخیشدا بە هەمان شێوە بەردەوامە، لەبەرئەوە گرنگە دەسەڵاتی سیاسی هەوڵی پەرەپێدانی بیرۆکەی کارکردنی ئافرەتان بدات و کۆشش بکات بۆ ئەوەی مومارسەی ئازادی خۆیان بکەن لە کۆمەڵگەدا، دەکرێت ئەم ئامانجە بە چەند رێگایەك بهێنرێتەدی، بە تایبەتی چۆنیەتی خستنەڕوی ئەم کێشەیە لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە ( تەلەفزیۆن و رۆژنامەکان). کە هیوادرام ببێتە مایەی هاندانی ژمارەیەکی زیاتری ئافرەتان بۆ ئەوەی بچنە دەرەوە بۆ کارکردن و پیاوانیش بیرۆکەی کارکردنی ئافرەتان قبوڵبکەن.

*** نایەکسانی نێوان پیاوان و ئافرەتان یەکێکە لە گرفتە کۆمەڵایەتییە گەورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەر ئەم هۆکارەش وای کردووە بارودۆخی ئەم وڵاتانە رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دوابکەوێت، پرسیارەکەی من ئەوەیە چۆن کۆمەڵگەیەك دەتوانێت خۆی لەم نایەکسانییە رزگاربکات؟**

- ئەو هەل و مەرجەی ئێستا ئافرەتانی تێدا دەژیەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێی رەزامەندی نیە. بێگومان ئێوەش ئەو راستییە دەزانن، لە هەندێ وڵاتدا ئافرەتان ناتوانن بەوپەڕی توانایانەوە بەشداری لە ژیانی کۆمەڵگەکەیان بکەن، ئەوەیان لێ چاوەڕوان دەکرێت کە لە چوارچێوەی ماڵەکاندا بمێننەوە و رێگەیان پێنادرێت کاربکەن یاخود بە ئازادی لە کۆمەڵگەکەدا هەڵس و کەوت بکەن. نابێت رێگە بە درێژەکێشانی ئەم بارودۆخە بدرێت، ئەو وڵاتانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە جیاکاری دەکەن لە دژی ئافرەتان ناتوانن گەشەکردنێکی تەواو بکەن لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، تاوەکو هەڵنەستن بە گۆڕینی ئەم بارودۆخە.

***بارودۆخێکی نەخوازراوی دیکەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتییە لەو گوشارەی دەخرێتەسەر ئافرەتان بۆ پاراستنی ئابڕو، ئەم کەلتورە هۆکاری مەرگی هەزاران ئافرەتە لە ساڵێکدا، چۆن ئەم بارودۆخە لێکدەدەیتەوە؟ بە چ شێوەیەك دەتوانرێت سنوورداربکرێت؟**

- تاوانی "کوشتن لەسەر شەرەف" کە لە دژی ئەو ئافرەتانە ئەنجام دەدرێت کە وا دادەنرێت شەرمەزاری و ئابڕوچوونیان بۆ خێزانەکانیان هێناوە دەرئەنجامی بیرکردنەوە و رەفتاری تەقلیدییە و هیچ بناغە و بنچینەیەکی لە یاسای ئیسلامدا نیە. بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە، پێویستە حکومەتەکان و سەرکردە ئایینییەکانی وڵاتە ئیسلامییەکان پێکەوە کاربکەن بۆ قەدەغەکردنی ئەم دیاردەیە و سزادانی ئەو کەسانەی ئەم جۆرە کوشتنە ئەنجام دەدەن. هیچ شتێك نیە لە قورئان و حەدیسدا پشتگیری لە کرداری کوشتن لەسەر شەرەف بکات. بە پێی ئەم دەقانە، رێگە نادرێت بە کوشتنی کەسێك ئەگەر بەڵگەی ئەوەت بەدەستەوە نەبوو کە ئەو کەسە لە پەیوەندییەکی ناشەرعیەوە گلاوە. بۆ سەلماندنی تۆمەتی زینا پێویستە چوار شایەت هەبن کە کردارەکەیان بینیبێت (یاخود دانپێدانان وەك بەدیلێك). هەر کەسێك تۆمەتی زینا بخاتە پاڵ کەسێکی دیکە و نەتوانێت بیسەلمێنێت ئەوا بە پێی رێسا ئیسلامییەکان پێویستە شەلاقی لێبدرێت لەبەرئەوەی ناوی کەسێکی زڕاندوە و تەشهیری پێکردووە. لەبەرئەوە کوشتن لەسەر شەرەف خۆی لە خۆیدا بریتییە لە ئەنجامدانی تاوانی کوشتن، کە بە پێی یاسای ئیسلامی سزای لەسێدارەدانی لەسەرە.



کەواتە ئەگەر مەسەلەکە بەم شێوەیە بێت، بۆچی هێشتا تاوانی کوشتن لەسەر شەرەف روودەدات؟ ئەسڵ و سەرچاوەی پیادەکردنی ئەم تاوانە دیارنیە، هەرچەندە هەندێك لە زانایان ئەوە دەخەنەڕو کە قورئان و حەدیس داوایان لە موسڵمانەکان کردووە (بە هەردوو رەگەزی نێر و مێوە) کە پاك و بە عیففەت بن، ئەم نیگەرانیە وای لە هەندێ کەس کردووە کە توندوتیژ بن لەبەرامبەر ئەو ئافرەتانەی گومانیان لێدەکرێت پەیڕەوی لەو داواکارییانە ناکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە تێگەیشتنێکی توندڕەوانەی ئەو دەقانەیە کە بە لای زۆرینەی موسڵمانەکانەوە پەسەند نیە. هەروەها گۆشەگیردنی ئافرەتان کە لە هەندێ لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا پیادە دەکرێت دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ترس و نیگەرانیان لە بارەی پاراستنی پاکێتی و حیشمەتەوە (لێرەدا دەگەڕێینەوە بۆ ژیانی تایبەتی خێزانەکانی پێغەمبەر)، کە دووبارە تەنها دەکرێت بە هۆی





تێگەیشتنێکی توندی دەقاکانەوە پشتگیری لەم رەفتارە بکرێت.

*** چۆن زانا موسڵمانەکان دەتوانن ئەم کێشەیە چارەسەربکەن؟**

- زانا موسڵمانەکان دەتوانن شیکردنەوەیەکی شەرعی دروست بۆ ئەم کێشانە بخەنەڕوو، بە تایبەتی ئەو پەیامە بە ئاشکرا رابگەیەنن کە کوشتن لە سەر شەرەف بریتییە لە ئەنجامدانی کوشتنی بە ناحەق، زیناکاران بە هەردو رەگەزی نێر و مێوە دەبێت تەنها لە سیستمی یاسایی و دادوەری وڵاتەکەدا دادگای بکرێن، کە پێویستی بە هەبوونی چوار شایەت هەیە بۆ سەلماندنی، سەپاندنی ئەم سیستمە یاساییە ئیسلامییە پێویستی بە پشتگیریکردنی حکومەت هەیە، کە دەبێت حکومەت هەوڵەکانی بخاتەگەڕ بۆ دادگایکردنی هەموو ئەو کەسانەی تاوای کوشتن لەسەر شەرەف ئەنجام دەدەن.

*** هەندێك لە ئەکادیمیستەکانی ئەم بوارە پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەتان بۆ ئەو سیستمەی دەگەڕێننەوە کە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زاڵ و باڵادەستە، ئێمە ئەو راستییە دەزانین کە زۆرینەی ئەم سیستمانە سیستمی تاکڕەوی و دەسەڵاتخوازین، کاریگەری ئەم سیستمانە چۆن دەبینیت لەسەر سەرکوتکردنی ئافرەتان؟**

- سیستمی حوکمڕانی لە وڵاتەکەدا هەرچیەك بێت، دیکتاتۆری بێت، دیموکراتی بێت یاخود تیۆکراتی ( ئەو سیستمەی پیاوانی ئایینی تێیدا باڵادەستن)، ئەوا پێویستە حکومەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەوڵ و کۆشش بکەن بۆ پەرەپێدانی مافەکانی ئافرەتان، ئێمە ناتوانین ئۆباڵی کێشەکە بخەینە ئەستۆی خودی سیستمە حکومییەکە، بەڵکو دەتوانین رەخنە لە چۆنیەتی رەفتارکردن و هەڵس و کەوتکردنی حکومەتەکە بگرین.

*** ئێستا ئەزموونێکی دیموکراسی لە کوردستاندا هەیە و زۆرێك لە یاساکانی پەیوەست بە مافەکانی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستاندا دەرکراون، بەڵام هێشتا دیاردەی کوشتن لەسەر شەرەف لەم هەرێمەدا بوونی هەیە،چۆن دەتوانین خۆمان لەم بارودۆخە رزگاربکەین مافەکانی ئافرەت لە کوردستاندا بپارێزین؟**

- لە کوردستاندا، هەروەك لە بەشەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پێویستە حکومەت و سەرکردە ئایینییەکانی پێکەوە کاربکەن بۆ قەدەغەکردنی ئەم جۆرە کوشتنە و سزادانی ئەنجامدەرانی .

*** بە پێی دەستوری عێراقی، رێژەی بەشداریکردنی ئافرەتان لە پەرلەمانی عێراقیدا دەبێت لە سەرووی ٢٥٪ بێت، پێت وایە ئەمە هەنگاوێکی ئیجابییە بۆ پێشەوە؟ یاخود شێوەیەکە لە سەرکووتکردنی ئافرەتان لەویَ؟**

- هەر یاسایەك کە ببێتە هۆی دابینکردنی نوێنەرایەتی ئافرەتان لە پەرلەماندا هەنگاوێکی باشە، لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە رێژەی ٢٥٪ وەك لایەنی کەمی ئەو رێژەیە لێکبدرێتەوە کە پێویستە ئافرەتان هەیانبێت لە پەرلەماندا، پێویستە ژمارەیەکی زیاتری ئافرەتان هانبدرێن بۆ ئەوەی بەشداری لە ژیانی سیاسیدا بکەن.

*** لە بارەی هەل و مەرجەکانی ژیانی ئافرەتان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و بە تایبەتی لە عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراقدا پرسیارەکە ئەوەیە: أ-ئایا ئافرەتان دەتوانن ئازادی بەدەستبهێنن بە هۆی ئەو بڕیارانەی لە لایەن پیاوانەوە دەردەکرێت؟**

**ب- کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەئاست ئازادی ئافرەتاندا چی دەبێت؟**

**ج- چۆن دەتوانین بە ڕاستی تواناکانی ئافرەتان بخەینەگەڕ کە رێژەی ٥٠٪ی کۆمەڵگە پێکدەهێنن؟**

أ- تەنها ئەو کاتە ئەگەری هاتنەدی لێدەکرێت کە پیاوان بەڕاستی باوەڕیان بە یەکسانی نێوان پیاوان و ئافرەتان بێت.

ب- نەتەوە یەکگرتووەکان چەند رێسا و رێنماییەکی هەیە بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی یەکسان لە نێوان پیاوان و ئافرەتاندا بکرێت، هەندێ جار هەندێ وڵات دەتوانن فشاربخەنە سەر (بەتایبەتی فشاری ئابووری) وڵاتەکانی دیکە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی باشتر مامەڵە لەگەڵ ئافرەتاندا بکەن.بەهەرحاڵ، گۆڕانی راستەقینە لە خودی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەرچاوەدەگرێ .

ج- هەروەك پێشتر ئاماژەم بۆکرد، پێویستە حکومەتەکان و سەرکردە ئایینییەکان هاوکاری بکەن لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندندا، بۆ ئەوەی ئافرەتان هانبدرێن تاوەکو کاربکەن و پیاوانیش هانبدرێن بۆ ئەوەی ئافرەتان وەك هاوشانی خۆیان لە کارکردندا قبوڵبکەن.

**پێویستە حکومەت و پیاوانی ئایینی لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن هاوکاری بکەن**

**زانا موسڵمانەکان دەبێت ئەو پەیامە بە ئاشکرا رابگەیەنن کە کوشتن لە سەر شەرەف بریتییە لە ئەنجامدانی کوشتنی بە ناحەق**





## د. بێتا کۆڵسکا دامەزرێنەری سەنتەری کوردی بۆ دیکۆمێنت و زانیاری لە پۆڵەندا بۆ گوڵان:

# بەبێ ئازادی ئافرەت دیموکراسی بوونی نییە

*■ وا بڕیاربوو ئەم دیدارە لەگەڵ د. مارتا وارتا لە زانکۆی جاجێولیان لە پۆلەندا بکەین، بەڵام د. مارتا وارتا پێی ڕاگەیاندین کە دەبێت کۆالسکا کە هاوڕێی خاتوو مارتایە لە هەمان زانکۆ دامەزرێنەری سەنتەرێکی کوردییە بۆ دیکۆمێنت و کۆکردنەوەی زانیاری لە پۆلەنداو، یەکێکە لە چالاکگەرانی بواری فێمنیست و پسپۆر و تایبەتمەندە لە کاروباری کۆمەڵایەتی و ئافرەتانی وڵاتی ئیسلام و هەروەها شارەزاشە لەسەر بارودۆخی کوردستان، گوڵانیش لەڕێگەی ئەو ئەدرێس و تەلەفونی خاتوو مارتای بۆی ناردبوو پەیوەندی بە خاتوو بیتا کرد و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.:■*

**با تەنها پشتگیری لە هێزە سەربازییەکان نەکەین بەڵکو پشتیوانیش لە چالاکییە جەماوەرییەکانی ئافرەتانیش بکەین**

*** نایەکسانی نێوان پیاوان و ئافرەتان یەکێکە لە گرفتە کۆمەڵایەتییە گەورەکان پرسیارەکەی من ئەوەیە چۆن کۆمەڵگەیەك دەتوانێت خۆی لەم نایەکسانییە رزگاربکات؟**

- پێش هەمو شتێك پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە دەبێت هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆیی بە پێی ریساکانی خۆی هەوڵی هێنانەدی یەکسانی رەگەزی بدات، و تەنها یەك رێگەی دیاریکراو نیە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، تەنها یەك رێگە نیە بۆ جێگیرکردنی دیموکراسی و هێنانەدی یەکسانی و ئازادی. بەدەستهێنانی دەرئەنجامی زانستی شیکردنەوەی پێگەی ئافرەتان دەخوازێت لە گۆشەنیگای کەلتوری راستەقینەی کۆمەڵگەوە، لەبەرئەوەی ئافرەتان هەوڵدەدەن لە چوارچێوەی ئەو سنووربەندی و بنەمایانەدا خەون و خواستەکانیان بهێننەدی کە لە لایەن کەلتورەوە سەپێنراوە و هەر لەو چوارچێوەیەدا بە دوای باشترین رێگای بەهێزکردنی پێگەکانیاندا دەگەڕێن. دیموکراسی پرۆسەی رزگارکردنی گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیە، بەهێزکردنی ئافرەتان بەشێکی دانەبڕاوی ئەم پرۆسەیەیە. من هەمیشە ئەوە دووبارە دەکەمەوە کە" دیموکراسی بە بێ ئافرەتان نیوە دیموکراسییە" (بەڵام نیوە دیموکراسی بریتی نییە لە دیموکراسی).

*** بارودۆخێکی نەخوازراوی دیکە بریتییە لەو گوشارەی دەخرێتەسەر ئافرەتان بۆ پاراستنی ئابرو، ئەم کەلتورە هۆکاری مەرگی هەزاران ئافرەتە لە ساڵێکدا، چۆن ئەم بارودۆخە لێکدەدیتەوە؟ بە چ شێوەیەك دەتوانرێت سنورداربکرێت؟**

- ئەوە پرسیارێکی ئاڵۆزە!!! پێویستە هەمو ئەمانە هاوشان بەیەك ئەنجامدرێن: پێویستە یاساکان سەخت بن، دەبێت دادگاکان جیددی بن، و پێویستە ئەم پرۆسانە هاوشانبن بە چالاکییەکانی پەروەردەکردن. بەڵام دەکرێت رێکخراوە جەماوەرییەکانی ناوچەکە گرنگترین هۆکار بخولقێنن بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەقلیدێکی خوێناوی بە هۆی پەنادانی ئەو ئافرەتانەی لە ترسی تۆڵەکردنەوەی خێزانەکانیان هەڵاتوون، لەگەڵ هۆشیارکردنەوە و بەرچاوڕوونکردنەوەی کۆمەڵگە لەم مەسەلانە. پەروەردەکردنی ئافرەتان گرنگترین رۆڵ دەبینێت لەو ناوچانەدا کە هاوسەرگیرییەکان لە لایەن خێزانەکانەوە رێکدەخرێن، ئەو خێزانانەی ئافرەتان تیایاندا دەنگیان بیستراو نییە.



*** هەندێك لە ئەکادیمیستەکانی ئەم بوارە پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەتان بۆ ئەو سیستمە دەگەڕێننەوە کە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زاڵ و باڵادەستە، ئێمە ئەو راستییە دەزانین کە زۆرینەی ئەم سیستمانە سیستمی تاکرەوی و دەستەڵاتخوازین، کاریگەری ئەم سیستمانە چۆن دەبینیت لەسەر سەرکوتکردنی ئافرەتان؟**

- ئەو ئایدۆلۆجیانەی هێزی شەرعیەتپێدراوی خۆیان لە ئایینەوە وەردەگرن بە زۆری رەوایەتی بە جیاکردنەوەیەکی توندی رۆڵی رەگەزەکان دەدەن و رێگە لە گەیشتنی ئافرەتان بە بوارە گشتییەکان دەگرن، تەنها یەك ئاراستەی گۆڕان هەیە: مومارەسەرکردنی فرەیی لە بواری سیاسیدا( پێویستە ئەمە هاوکات بێت لەگەڵ خستنەگەڕی پرۆسەیەکی ناوخۆیی و گوشاری نێودەوڵەتییەوە). ئەمەش دەبێتە هۆی خاوکردنەوەی شێوازی تاکڕەوی و دەرفەت بە بەشداریکردنی دیموکراتییانە دەدات. لایەنە سیاسییە نوێیەکان پێویستیان بە دەنگی ئافرەتان دەبێت، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ خولقاندنی هەلێك بۆ خاوکردنەوەی ئەو بەرهەڵستکارییەی لە بەرامبەر ئەو مشت و مڕانەی پەیوەندییان بە کێشەی رەگەزییەوە هەیە.

*** رەخساندنی ئازادی بۆ پیاوان و ئافرەتان دەبێتە هۆی پێشخستنی کۆمەڵگە،ئافرەتان لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەشدارن و رۆڵیان هەیە بەڵام بە شێوەیەکی سنووردار، هۆکاری ئەمە بۆ ئاستی هۆشیاری ئافرەتان دەگەڕێنیتەوە یاخود دەسەڵاتی سیاسی هەرێمەکە؟**

- کۆمەڵێك هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری هەیە( هەروەك ئەوەی لە هەموو وڵاتێکی جیهاندا هەیە)، گرنگترین ئەو هۆکارانە بە لای منەوە بریتین لە: پەروەردە ( من تەنها لەگەڵ قوتابییە کوردەکانی زانکۆدا پەیوەندیم هەیە، تەنها کورەکان!!! بۆچی؟ من دەزانم چەندین خانەوادە هەن کە ترس و نیگەرانییەکی زۆریان هەیە لەوەی رێگە بە کچەکانیان بدەن بۆ ئەوەی لە دەرەوە بخوێنن. من تەنها یەك قوتابی کچم بینیوە دوو ساڵ پێش ئێستا! بەڵام پێویستمان بە ژمارەیەکی کەمە لە هەر گروپێکدا. و ئاسانتر دەبێت بۆ خۆیان و بۆ خێزانەکانیان گەر بزانن کچەکانیان بە تەنها نابن) و لەگەڵ بنیاتنانی رێکخراوێکی سەربەخۆی ئافرەتان (نەك وەك بەشێك لە پارتە سیاسییە سەرەکییەکان)، ئەو دوو هۆکارە هۆکاری

بنەڕەتین بۆ گۆڕینی عەقڵیەت و بیرکردنەوە.

*** بە پێی دەستوری عێراقی، ڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەتان لە پەرلەمانی عێراقیدا دەبێت لە سەرووی ٢٥٪ بێت، پێت وایە ئەمە هەنگاوێکی ئیجابیە بۆ پێشەوە؟ یاخود شێوەیەکە لە سەرکوتکردنی ئافرەتان لەوێ؟**

من پێم وایە ئەوە هەنگاوێکە بە ڕێگەی ڕاستدا توانا و قابلیەتی ئافرەتە ئەندام پەرلەمانەکان هۆکارێکی زۆر گرنگە، لە گەڵ چالاکییە ڕاستەقینەکانیان ( نەك وەك جوانکردنێکی سیاسی ). پێویستە هاریکاری بکرێت لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ئافرەتان، و ئافرەتە ڕۆشنبیر و سەرکردەکاندا. بە پێی لێکۆڵینەویەکی کۆمەڵایەتی ڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەتان لە دەسەڵاتی سیاسیدا بریتیە لە 30%.

*** لە بارەی هەل و مەرجەکانی ژیانی ئافرەتان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و بە تایبەتی لە عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراقدا پرسیارەکە ئەوەیە:**

**أ-ئایا ئافرەتان دەتوانن ئازادی بەدەستبهێنن بە هۆی ئەو بڕیارانەی لە لایەن پیاوانەوە دەردەکرێت؟**

**ب- کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەئاست ئازادی ئافرەتاندا چی دەبێت؟**

**ج-چۆن دەتوانین بە ڕاستی تواناکانی ئافرەتان بخەینە گەڕ کە ڕێژەی ٥٠٪ی کۆمەڵگە پێکدەهێنن؟**

أ-کۆمەڵگەی هاوچەرخ لەسەر بناغەی ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ هەموو ئەندامەکانی دامەزراوە، هەروەها لەسەر بنچینەی بەشداریکردنی یەکسانی لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا بە بێ ڕەچاوکردنی ڕەگەز، و پێگەی کۆمەڵایەتی، و ئیتن و نەتەوە هتد. بەشداریکردن گرنگییەکی زۆری هەیە لەو وڵاتانەدا کە ڕێگای دیموکراسیان گرتۆتەبەر، لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرینەی زۆری ئەو وڵاتانەی بە قۆناغی ڕاگوزەریدا تێدەپەڕن (کوردستانی عێراقیش بەدەر نیە لەو حاڵەتە) ئەوا کەلێنێکی گەورە هەیە لە ئاستی بەشداریکردن و ڕەخساندنی دەرفەتەکاندا لە نێوان گروپە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگە. بە تایبەتی ئەوەی زۆر زەقە بریتییە لە ناهاوسەنگی ڕەگەزی: بە زۆری ئافرەتان گۆشەگیر دەکرێن لە پرۆسەکانی بڕیارسازیدا بە تایبەتی ئەو بڕیارانەی کاریگەری هەیە لە سەر ژیانیان و لەسەر ئەگەرەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی. بارودۆخەکە نەك تەنها دەرئەنجامی نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە (لەبەر ئەوەی هێزی گەورەی ڕۆشنبیری و داهێنانکاری ئافرەتان بە تەواوەتی نەخراونەتەگەڕ ) بەڵکو هەل و مەرجەکە لە ڕوانگەی مافەکانی مرۆڤەوە قابیلی بەردەوام بوون نیە، ئەوە لە لای هەموو کەس ئاشکرایە کە هەموو کۆمەڵگەیەك کەم و کوڕی دەبێت لە دیموکراسیەکەیدا گەر ئافرەتان وەکو پێویست بەشداریان تێدا نەکرد.

ب-یەکێك لە گرنگترین مەسەلەکان ئەوەی پەیوەندی بە کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە هەبێت بریتییە لە جیاوازیکردن لە بواری پەرەپێدان و بەدیموکراتیکردن و مافەکانی مرۆڤدا، ئەم ڕێگاچارە سیاسییە کورتبینە جەخت لەسەر ستراتیجیەتەکانی بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی ناکاتەوە، بەڵکو جەخت لەسەر سەقامگیری ناوچەکە دەکاتەوە. بیرۆکەی هەستیاری کەلتوری و لێبوردەیی کەلتوری دەکرێنە پاساو بۆ نەبوونی هیچ کاردانەوەیەك لە لایەن ڕۆژئاواوە لە ئاست چەندین ڕەفتار و کرداردا کە دەوترێت" لێرە قبوڵناکرێت بەڵام لەوێ ڕێگەپێدراوە".

پێدەچێت خاڵێکی باش بۆ دەستپێکردن بریتی بێت لە خستنەگەڕی پرۆسەی بە دیموکراتیکردن و پەرەپێدانی گەشەی ئابووری، بە شێوەیەکی گشتی بریتییە لە پیادەکردنی سیاسەتێکی درێژخایەن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پێویستە پاراستنی مافەکانی ئافرەتان بەشێکی دانەبڕاو بێت لەم ستراتیجیەتە.

ج- من باوەڕم بە ئافرەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە ژمارەیەکی زۆری زانا و چالاکگەرە ئافرەتەکان هەوڵدەدەن سروشتی یەکسانخوازی کەلتورەکانیان بخەنەڕو، بە بەردەوامی هەموو دەرکەوتنێکی دیاردە و ڕەفتارێکی جیاکاری لە کۆمەڵگەکانیاندا شەرمەزار دەکەن، ئێستا ئافرەتان بەشدارن لەو پرۆسانەدا کە بە درێژایی مێژوو تەنها پیاوان تێیدا بەشداربوون، چالاکی ئافرەتان لە هەموو بەشەکانی ناوچەکەدا لە هەڵکشاندایە. ئافرەتانی عێراق توانیان لە رابردوودا بگەنە باشترین پێگە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕەستدا (بە بەراورد بە وڵاتەکانی دیکە)، با دەرفەتیان بدەین کاربکەن و چالاکیان هەبێت، با تەنها پشتگیری لە هێزە سەربازییەکان نەکەین بەڵکو پشتیوانیش لە چالاکییە جەماوەرییەکانی ئافرەتانیش بکەین.



**دیموکراسی بە بێ ئازادی ئافرەتان نیوە دیموکراسییە**



د. سوهەیلا وەحدەتی بۆ گوڵان:

# ئەگەر هەرێمی کوردستان بیەوێت گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەردەوام بێت دەبێت ئافرەتان رۆڵێکی زیاتریان پێ بدرێت

■ ئەم دیمانەیە کە بەشێکە لەو دیمانەیەی لە ژمارەکانی پێشتری گوڵان بڵاوکرایەوە، لەسەر خواستی د. سوهێلا وەحدەتی کراوە بە دوو بەش.
خاتوو سوهێلا وەحدەتی پێی باش بوو پرسیارەکانی گوڵانی بەدوویەشی وەڵام بداتەوە، بۆ ئێمەش لەسەر خواستی د.سوهێلا بەڵێنمان پێدا کە بە دووجار ئەم دیمانەیەی بۆ بڵاو بکەینەوە.
ئەمەش بەشی دووەمی پرسیارەکانی گوڵانە کە وەحدەتی وەڵامی داوەتەوە:■

*** ڕەخساندنی ئازادی بۆ پیاوان و ئافرەتان دەبێتە هۆی پێشخستنی کۆمەڵگە،ئافرەتان لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەشدارن و ڕۆڵیان هەیە بەڵام بە شێوەیەکی سنووردار، هۆکاری ئەمە بۆ ئاستی هۆشیاری ئافرەتان دەگەڕێنیتەوە یاخود دەسەڵاتی سیاسی هەرێمەکە؟**

- پێویستە پشتگیری لە ڕۆڵی چالاکی ئافرەتان بکرێت لە هەموو کەرتەکانی کۆمەڵگەدا، هەرچەندە ئێستا کوردستان گەشەکردنێکی خێرای ئابووری بە خۆوە دەبینێت، بەڵام رون نیە تا چ ئاستێك ئافرەتان بەشدارن تێیدا. پێویستە ئافرەتان بونێکی چالاکیان هەبێت لە بوارەکانی سیاسی و ئابووریدا، لە هەوڵی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانیاندا بن لە دەرەوەی چوارچێوەی ماڵەکاندا. تێگەیشتنی ئافرەتان لە گرنگی بەرژەوەندی و بەشداریکردنی راستوخۆیان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەبێتە پاڵنەرێك بۆ بەشداریکردنیان لە هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی حکومەتدا تاوەکو ئافرەتان رۆڵێکی راستەوخۆیان نەبێت لە بواری ئابووریدا و تاوەکو پیاوان هەڵبستن بە دابینکردنی داهات و دارایی خێزان، ئەوا پیاوانیش بڕیار لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی گرفتەکان دەدەن، ئێمە هەموومان لە گرنگی دایکایەتی و مانەوەی دایك لە ماڵەکاندا تێدەگەین بۆ ئەوەی بتوانن منداڵەکانیان پەروەردە بکەن و گرنگی بە ئەندامانی دیکەی خێزانەکە بدەن، من وەکو دایکێك و وەکو فێمینیستێك تەقدیری ڕۆڵی ئافرەتان دەکەم لە ماڵەکانیاندا، بەڵام دەکرێت ئەم ڕۆڵە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بێت، نەك ئەرکێك بێت بە درێژایی ژیان پێوەی سەرقاڵ بن، پێویستە ئافرەتان ئازادی ئەوەیان هەبێت و سەرپشکبن لە بەشداریکردن لە چالاکی بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کەلتوریدا. پێویستە ئافرەتان پەروەردە بکرێن، پشتیوانی بکرێن، و سازبدرێن بۆ ئەوەی بونێکی چالاکیان هەبێت نەك هەر لە ژیانی شەخسیدا، بەڵکو لە کاریگەریان لە سەر ژیانی کۆمەڵگەکەش، عێراق ئەندامە لە ڕێککەوتنامەی قەدەغەکردنی هەموو شێوەکانی جیاکاری لە دژی ئافرەتان. لەبەر ئەوە من گریمانەی ئەوە دەکەم کە هیچ جیاکارییەك نەبێت لە دژی ئافرەتان لەو خزمەتگوزارییانەی حکومەت لە کوردستاندا دابینیان دەکات. بەشداریکردنی ئافرەتان لە حکومەتدا گرنگی خۆی هەیە لەبەر ئەوەی دەرفەت دروست دەکات بۆ ئەوەی بتوانن ئەو یاسا و سیاسەتانە دابڕێژن کە دەبنە هۆی دابینکردنی مافەکانی ئافرەتان و بەهێزکردنی پێگەکانیان، و تەرخانکردنی بودجەی تایبەت بۆ ئەوەی لە بوارەکانی پەروەردە و ئابووری و کەلتوریدا هەلیان بۆ بڕەخسێنن. ئەمە بایەخی خۆی هەیە بۆ گەشەکردنێکی بەردەوام کە بە پەروەردەکردنی ئافرەتان دەستپێدەکات، پێویستە ئافرەتانیش لە ژیانی سیاسیدا بەشداریان پێبکرێت، بەدەستهێنانی پلەوپایە بەرزەکانی حکومەت لە لایەن ئافرەتانەوە ئەو کاتە کاریگەر و مانادار دەبێت کە ئافرەتان هاووڵاتی چالاك بن لە کۆمەڵگەدا. گەر ڕەگەزی مێینە ڕووبەڕوی کۆسپ و تەگەرە ببێتەوە لە کاتی دامەزراندندا و گەر حکومەت ئامادەنەبێت کێشەکانیان چارەسەر بکات، ئەوا ئەو کاتە بەشدرایکردنی ئەو ژمارە کەمەی ئافرەتان کە لە حکومەتدا ڕۆڵیان هەیە تەنها دەبێتە ڕواڵەت و روکارێك و هیچ کاریگەریەکی ڕاستەقینەی نابێت. حکومەت دەتوانێت شانازی بەوەوە بکات کە ئافرەتان لە بەڕێوبردن و هەڵسوڕاندنی کاروبارەکاندا ڕۆڵیان هەیە، بەڵام لە واقیعدا هیچ گۆڕانکارییەك لە سیاسەتەکانی پەیوەست بە ئافرەتانەوە ناهێنێتەدی، ئەمە بە زۆری لە پەرلەمانی ئێراندا بەدیدەکرێت، ئافرەتە ئەندام پەرلەمانەکان بەرهەڵستی ڕێککەوتنامەی قەدەغەکردنی هەموو شێوەکانی جیاکاری لە دژی ئافرەتان (CEDAW )دەکەن، و هیچ گفتوگۆیەك لە بارەی جیاکارییەوە دژی ئافرەتان ناکەن و دەنگیان لە دژی ئەم دیاردەیە بەرزناکەنەوە.

*** بە پێی دەستوری عێراقی، ڕێژەی بەشداریکردنی ئافەرەتان لە پەرلەمانی عێراقیدا دەبێت لە سەرووی ٢٥٪ بێت، پێت وایە ئەمە هەنگاوێکی ئیجابییە بۆ پێشەوە؟ یاخود شێوەیەکە لە سەرکووتکردنی ئافرەتان لەویَ؟**

- دەستەبەرکردنی ڕێژەیەك لە پەرلەماندا بۆ بەشداریکردنی ئافرەتان هەنگاوێکی زۆر پێشکەوتوە، ڕێژەی هاوشێوە لە وڵاتەکانی دیکەشدا بە سەرکەوتوویی دابینکراوە، وەك هیندستان و پاکستان، ئەمە بوار دەڕەخسێنێت تاوەکو ئافرەتان بتوانن کێشەکانیان چارەسەربکەن لە چوارچێوەی سیستمە سیاسیەکەدا کە هەمیشە پیاوان باڵادەست بوونە تێیدا. جگە لە ئاستەنگە سیاسییەکان چەندین لەمپەڕی شاراوەی کۆمەڵایەتی و کەلتوری دیکە هەن کە ڕێگە لە ئافرەتان دەگرێت لەوەی ڕۆڵێکی چالاکیان هەبێت لە بونیادی سیاسیدا، بە تایبەتی لە ئاستە بەرزەکانی بڕیارسازیدا. دابینکردنی ئەو ڕێژە دیاریکراوە دەبێتە هۆی ڕاماڵینی ئەو کۆسپ و ئاستەنگانە بۆ ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئافرەتان، و وا دەکات ئافرەتان لە گەڵ یەکدیدا ململانیَ بکەن نەك لە گەڵ پیاواندا.

ئامانجێکی بەرزەفڕانەیە گەر بمانەوێت ئافرەتان نیوەی پۆستە حکومی و پەرلەمانییەکان پڕبکەنەوە، لە ڕاستیدا پێویستە بە ڕێژەیەکی کەم دەستپێبکات و دواتر ئەو ڕێژەیە زیادبکرێت. بۆ گروپێکی کەمینە گەر بیەوێت خواست و پێداویستییەکانی بە زۆرینە بگەیەنێت، ئەوا ڕەنگە پێویستی بە ڕێژەی ١٥٪ بۆ ٣٠٪ ببێت، ئەگەر ڕێژەی بەشداربوونی ئافرەتان لە پەرلەماندا لەو ڕێژەیە کەمتر بوو، ئەوا ڕەنگە لەو پێگەیەکدا نەبن و متمانەی تەواویان بە خۆیان نەبێت بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی ڕاستەقینە نوێنەرایەتی توێژەکەی خۆیان بکەن و ئەوکاتە سیاسەتە تەقلیدییەکان پیادەدەکەن بە بیَ ئەوەی توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆیان هەبێت.

لە لایەکی دیکەوە ناتوانین لە پڕێکدا نیوەی کورسییەکانی پەرلەمان بۆ ئافرەتان تەرخان بکەین، ئەوە نە قبوڵدەکرێت و نە هەنگاوێکی عەمەلیشە و ڕەنگە دەرئەنجامی پێچەوانەشی لێبکەوێتەوە، ئەو کاتە خەڵکی ئاماژە بە کەم و کوڕییەکانی بوونی ئافرەتان دەکەن لە پەرلەماندا.

هەندێك وڵات بۆ ئەوەی خۆیان لەم دەرئەنجامە لابدەن، هەڵسان بە دابینکردنی ڕێژەیەکی دیاریکراو لە حکومەتە لۆکاڵیەکاندا بۆ ئافرەتان بۆ ئەوەی ئامادەیان بکەن تاوەکو لە دواتردا پۆستی باڵاتر وەربگرن، بۆ نموونە، لە پاکستاندا

**پێویستە بەشداربوونی ئافرەت بە ڕێژەیەکی کەم دەستپێبکات دواتر ئەو ڕێژەیە زیادبکرێت**

**ئێمە لە گەڵ پیاواندا دوو قەوارەی دابڕاو و گۆشەگیرنین کە لە سەر هەمان سەرچاوە شەڕبکەین**

ڕێژەی تەرخانکراو بۆ ئافرەتان لە پەرلەماندا بریتیە لە ١٧٪ بەڵام لە حکومەتی مەحەلیدا ٣٣٪ یە.

هەندێك لە وڵاتان بە تەرخانکردنی ڕێژەی ١٥٪ بۆ ٢٠٪ ی کورسییەکانی پەرلەمان بۆ ئافرەتان دەستیان پێکرد و لە هەڵبژاردنەکانی دواتردا ڕێژەکە گەیشتە ٣٠٪. هەندێ وڵاتی دیکە گەیشتنە ئەو ئاستەی ڕێژەی ٤٠٪ ی کورسییەکانی پەرلەمان بۆ ئافرەتـــان تەرخانبکەن. و نە پیاوان و نە ژنان ناتوانن زیاتر لە ٦٠٪ ی کورسیەکانیان بە دەستەوەبێت.

*** لـــە بارەی هـــەل و مەرجەکانی ژیانـــی ئافرەتان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و بە تایبەتی لە عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراقدا پرسیارەکە ئەوەیە:**

**أ- ئایا ئافرەتان دەتوانن ئازادی بەدەســـتبهێنن بە هۆی ئەو بڕیارانەی لە لایەن پیاوانەوە دەردەکرێت؟**

**ب- کاردانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەئاست ئازادی ئافرەتاندا چی دەبێت؟**

**ج- چۆن دەتوانین بەڕاستی تواناکانی ئافرەتان بخەینە گەڕ کە ڕێژەی ٥٠٪ی کۆمەڵگە پێکدەهێنن؟**



**تاوەکو ئافرەتان ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆیان نەبێت لە بواری ئابووریدا ئەوا بڕیار هەر بەدەست پیاوەوە دەبێت**

- دەکرێت پیـــاوان ڕۆڵێکی گرنگ ببینن لە پەرەپێدانی مافەکانی ئافرەتان و خوڵقاندنی دەرفەتگەلێکی نوێ بۆیان، ئەمـــە لەبەرئەوەیە کە پیاوان ئەم کۆمەڵگەیانە بەڕێوەدەبەن و پیاوان هەڵدەســـتن بـــە دەرکردنی گرنگتریـــن بڕیارەکان لە ســـەر ئاستی سیاســـی. بەڵام پیاوان و ئافرەتان پێکەوە دەژیـــن و یەکتری تەواو دەکەن. ئێمە لە گەڵ پیاواندا دوو قەوارەی دابڕاو و گۆشەگیرنین کە لە سەر هەمان سەرچاوە شـــەڕبکەین، ســـەرچاوەگەلێکی دیاریکراو هەن کە ئێمە دەتوانین ململانێی لەســـەربکەین، بەڵام سەرچاوەگەلێکی دیکە هەن کە دەکرێت سوود بە هەردوو ڕەگەزەکە بگەیەنن گەر بخرێنەگەڕ. دەکرێت توانا و شـــارەزاییەکانی ئافرەتان خزمەتی بەرژەوەندییەکانی تێکڕای کۆمەڵگە بکەن ڕەنگە پیاوان بەرهەڵستی دابەشـــکردنی دەسەڵات بکەن لە گەڵ ئافرەتاندا بەڵام گەر گەیشـــتنە ئەو ڕاستییەی کە ئازادی ئافرەتان دەبێتە هۆی خوڵقاندنی دەرفەتگەلێکی نوێ ئەوا هیچ هۆکارێك بەدیناکەن بۆ دژایەتیکردنی، دواجار پیاوان دوژمنـــی ئێمە نیین، ئەوان هاوســـەر و براو کوڕی ئێمەن. ئەوان دەزانن کە ناتوانن بە ئاســـودەیی بژیین گەر ئافرەتان لە نەهامەتیـــدا بن، بێ بەشـــداریکردنی ئافرەتان ناکرێت درێژە بە پێشـــکەوتن و گەشەپێدان بدەین. من لەو باوەڕەدام بە هـــاوکاری پیاوان، ئافرەتان ماف و ئازادییەکانی خۆیان بەدەستدەهێنن.

ســـەبارەت بە بەشی دووەمی پرســـیارەکە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشـــتیوانێکی بەهێـــزی مافەکانی ئافرەتانە و دەتوانێت ڕۆڵیکی گرنگ ببینێـــت، نەتەوە یەکگرتووەکان بە باشـــی نوێنەرایەتی کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی دەکات و پاڵپشتێکی بەهێزی پەرەپێدانی پەروەردەی ئافرەتانە، لەگەڵ دابینکردنی چاودێری پزیشکی و بەهێزکردنی پێگەکانیان لە هەموو بوارەکانـــی کۆمەڵگەدا، ڕاگەیاندنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بوارەکانی قەدەغەکردنی هەموو شێوەکانی جیاکاری و توندوتیژی بوونەتـــە ئامرازێکی گرنگ بۆ ڕێنماییکـــردن و بەرچاوڕونکردنەوەی ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان، و دەزگا جیاوازەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە سەرسەختانە کاردەکەن بۆ دابینکردنی مافەکانی ئافرەتان لە گەڵ ڕەخســـاندنی هەلی پەروەردە بۆیان و دابینکردنی چاودێـــری پزیشـــکی و بەهێزکردنـــی پێگەکانیان. وڵاتە پێشکەوتووەکان لە هەوڵی پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ئافرەتانن لە جیهاندا.

ئەوەی پەیوەندی بە بەشـــی ســـێیەمی پرســـیارەکەوە هەبێت،دەکرێـــت حکومەت و دەزگای یاســـادانان ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبێت لەو ڕووەوە. گەر پەرلەمان سوربێت لەسەر گۆڕینـــی پێگەی ئافرەتان، ئەوا دەتوانێت یاســـاگەلێکی دیاریکراو دەربکات لە دژی مومارەســـەکردنی جیاکاری و توندوتیژی لە بەرامبەر ئافرەتاندا، کە حکومەت ناچاردەکات هەلی یەکســـان بۆ کچان و ئافرەتان بڕەخســـێنێت دەکرێت حکومەت بودجەیەك تەرخانبکات بۆ هێنانەدی یەکســـانی ڕەگـــەزی و گرتنەبەری سیاســـەتگەلێکی دیاریکراو بۆ خوڵقاندنی دەرفەتە ئابووریەکان بـــۆ ئافرەتان، بۆ نموونە، لـــە ڕێـــی پێدانی قەرزەوە بـــە ئافرەتـــان، دەتوانێت چەند ســـتراتیجیەتێکی دیاریکراو پیادەبکات لە پێناو بنیاتنانی تواناکانی ئافرەتـــان و پێگەیاندنیان، دەکرێت ئاســـتەنگە تەقلیدییەکان و کۆسپە بیرۆکراتییەکان لە لایەن دامەزراوەی سیاسیەوە سنورداربکرێن ڕێگەدان بە ئافرەتان بۆ ئەوەی لە ڕێی دابینکردنی ڕێژەیەکی دیاریکراو بۆیانەوە لە پەرلەماندا تاوەکو بەشـــداری لە دەرکردنی بڕیارە سیاسییەکاندا بکەن هەنگاوێکی گەورەیە بە ڕێگایەکی ڕاســـت. پێویستە لەو ڕاســـتییە تێبگەین کە تاوەکو ڕای گشـــتی پێگەی نوێی ئافرەتـــان قبوڵنەکـــات، ئەوا کۆســـپە کەلتورییەکان هەر دەمێنـــن وە دەبێت چارەســـەربکرێن. دەبێـــت حکومەت لە خەمی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریدا بێت و ڕای گشتی بەرچاوڕونبکاتەوە دەربارەی یەکسانی ڕەگەزی و مافەکانی ئافرەتان.